(نەفرەتی خوای گەورە لە: (المحلل) و (المحلل له

لە عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نەفرەتی خوای گەورە لە: (المحلل:موحەلیل)* و (المحلل له:موحەلیل لەهو)**». *(المُحَلِّل:موحەلیل // ئەو پیاوەیە ئافرەتێکی سێ جار تەڵاقدراو مارە دەکات بۆئەوەی بە چوونە لای -جیماع کردنی- بۆ مێردی یەکەم حەڵاڵی بکات)، **(المُحَلَّلَ له:موحەلیل لەهو // واتا مێردی یەکەم کە لەسەر داوای ئەو ئەم کارە دەکرێت)

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەگەر ئافرەتێک سێ جار تەڵاقدرا بێت ئەوا حەڵاڵ نابێت بۆ مێردی یەکەم کە سێ جار تەڵاقی داوە هەتاوەکو پیاوێکی تر مارەی دەکات وجیماعی لەگەڵدا دەکات؛ پاشان تەڵاقی دەدات، هەندێک کەس ڕێگای فێڵ دەگرێتە بەر بەرامبەر حوکمە شەرعییەکان، بۆیە لەگەڵ پیاوێک ڕێک دەکەوێت بەوەی لەگەڵ ئەم ئافرەتە هاوسەرگیری بکات بە هاوسەرگیرییەکی ڕووکەشیانە وپاشان مەبەستی هاوسەرگیری شەرعی نەبێت وتەڵاقی بدات، بەڵکو مەبەستی ئەوە بێت بۆ مێردی یەکەم حەڵاڵ بێتەوە، چونکە ئەمە فێڵکردنی تێدایە بەرامبەر حوکمە شەرعییەکان ونیشانەی نزمی نەفسە وکەمی غیرەت وجوامێری پیاوە؛ بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەی حەرامکردووە، ونزای کردووە لەسەر هەردوو لایان (المحلل:موحەلیل)* و (المحلل له:موحەلیل لەهو)**؛ ئەمیش بەوەی لەعنەت ونەفرەتلێکراو بن ودوور بن لە ڕەحمەتی خوای گەورە -سبحانە وتعالی-. *(المُحَلِّل:موحەلیل // ئەو پیاوەیە ئافرەتێکی سێ جار تەڵاقدراو مارە دەکات بۆئەوەی بە چوونە لای -جیماع کردنی- بۆ مێردی یەکەم حەڵاڵی بکات)، **(المُحَلَّلَ له:موحەلیل لەهو // واتا مێردی یەکەم کە لەسەر داوای ئەو ئەم کارە دەکرێت)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58076